## پێڕست


١- من مردووم ..... ١٣
٢- من ناوم قەرەی ..... ١٩
٣- من سەگم ..... ٢٦
٤- دواجار پێم دەڵێن بکوژ ..... ٣٣
٥- من زاواتانم ..... ٤٤
٦- من ئۆرهانم ..... ٥٣
٧- من ناوم قەرەیە ..... ٧٩
٨- من ناوم ئەستەرە ..... ٦٥
٩- من شەکوورەم ..... ٧٠
١٠- من دارێکم ..... ٨٣
١١- من ناوم قەرەیە ..... ٩٠
١٢- پێم دەڵێن پەپوولە ..... ١٠٧
١٣- پێم دەڵێن لەقلەق ..... ١١٨
١٤- پێم دەڵێن زەیتوون ..... ١٢٨
١٥- من ناوم ئەستەرە ..... ١٣٨
١٦- من شەکوورەم ..... ١٤٦
١٧- من زاواتانم ..... ١٥٣
١٨- دواجار پێم دەڵێن بکوژ ..... ١٦٢
١٩- من پارەم ..... ١٧١
٢٠- من ناوم قەرەیە ..... ١٧٩
٢١- من زاواتانم ..... ١٨٥

٢٢- من ناوم قەرەیە ..... ١٩٢
٢٣- دواجار پێم دەڵێن بکوژ ..... ٢٠٠
٢٤- من ناوم مەرگە ..... ٢٠٨
٢٥- من ناوم ئەستەرە ..... ٢١٤
٢٦- من شـەکوورەم ..... ٢٢٤
٢٧- من ناوم قەرەیە ..... ٢٤٥
٢٨- دواجار پێم دەڵێن بکوژ ..... ٢٥٤
٢٩- مـن زاواتـانم ..... ٢٧٢
٣٠- من شـەکوورەم ..... ٢٩٢
٣١- من ناوم سـوورە ..... ٣٠٥
٣٢- من شـەکوورەم ..... ٣١١
٣٣- من ناوم قەرەیە ..... ٣١٨
٣٤- من شـەکوورەم ..... ٣٣٨
٣٥- مـن ئـەسـپم ..... ٣٥٦
٣٦- من ناوم قەرەیە ..... ٣٦١
٣٧- مـن زاواتـانم ..... ٣٧٥
٣٨- من مامۆستا عوسمانم ..... ٣٨٢
٣٩- من ناوم ئەستەرە ..... ٣٩٣
٤٠- من ناوم قەرەیە ..... ٤٠١
٤١- من مامۆستا عوسمانم ..... ٤٠٧
٤٢- من ناوم قـەرەیە ..... ٤٣٠
٤٣- پێم دەڵێن زەیتوون ..... ٤٤٦
٤٤- پێم دەڵێن پەپوولە ..... ٤٤٩
٤٥- پێم دەڵێن لەقلەق ..... ٤٥٢
٤٦- دواجـار پێم دەڵێـن بکوژ ..... ٤٥٥
٤٧- من ئبـیلیـسم ..... ٤٦٨

باخچە لەو تیشکەدا کەمێک سوور بوو، ڕەنگێکی نارنجی وەرگرت و تا سەرما کاری تێم کرد، بە شـەیدابوونەوە بۆ بـاڵایم ڕوانی. هیچ بای نەدەهات. ئـەگەر کەسێکی تێپەڕبوو بە کۆڵاندا، یان باوکم منی لە پەنجەرەی کراوەدا بدیبایە، یان قـەرە بەسـەر ئەسـپـەوە بگەڕابایەتـەوە و بە بەردەممدا تێ پەڕیبایە، هیچ باکم نـەبوو چ دەڵێن. مـەسـرووڕەی کچـی زێوەر پاشـا بەردەوام دەم بەخـەندە بوو، بەزمـی دەگـێـڕا و لە کـاتی هـەرە نەشـیـاودا شـتی سـەیری دەگـوت، من هەفتەی جارێک بـۆ خۆشی لەگەڵیدا دەچوومە گەرماو. جارێک گوتـی: "مرۆڤ هیـچ کـاتێک خـۆیشی ناتوانێت بزانێت بیـر لە چی دەکـاتەوە." من وا بیـر دەکـەمـەوە: جـاروبار شـتـێک دەڵێم، لە کـاتی گـوتنیـدا حـاڵی دەبم بیـرم لێ کردووەتەوە، بەڵام لـە ساتی حاڵیبووندا، بەوپەڕی بڕواوە بیر لە پێچەوانەکەی دەکەمەوە.

لێتان ناشـارمەوە لە ناو گشت ئەو وەسـتا نیگارکێشانەی باوکم بۆ مـاڵەوە بانگیـانی دەکرد و منیش بـەدزییـەوە سـەیری یـەک بەیەکیـانم دەکـرد، هێندەی دڵتـەنگیم بۆ مـێـردم، بـۆ بێ سـەروشـوێنبـوونی زەریف ئەفـەندیـی دامـاویش خەمگین بووم. ئەو درێوترین و سەرکزترینی نێوانیان بوو.

دەریـوانـەم دادایـەوە، لـەو ژووره هـاتمـە دەرێ و دابـەزیمـە خـــــوارەوە بـۆ ئاشپەزخانە.

ئۆرهـان گوتـی: "دایە، شـەوکەت بە قسـەی تۆی نەکرد. کاتێک قەرە ئەسپی لە گەوڕ دەرهێنا، ئەو لە ئاشپەزخانە چووە دەرێ و لە کونەکەوە سەیری کرد."

شـــەوکـەت دەسکی هاوانی بەدەسـتـەوە بـوو، گـوتی: "جـا قـەیدی چیـیـە! دایکیشم لە کونی دۆلابەوە تەماشای دەکرد."

گوتم: "خەیرییـە، ئێـوارە نانی بە بادەم و شـەکر لە کەمێک ڕۆندا بۆ ئەمـانە سوور بکەرەوە."

ئۆرهـان هەڵبـەزییـەوە و خۆشـحـاڵ بوو، شـەوکەتیش هیـچ دەنگی لێوە نەهـات. لەو دەمــەی بـە پلیکانەکـاندا سـەردەکـەوتمـە سـەرەوە، هـەردووکـیـان بەدەم

حەسەن بکەم، بەڵام مەرج بوو سەرەتا گەواهیدەر ئامادە بکرێت و دواتر قازی قایل بکرێت. ئەو کاتە، باوک و برای مێردم بەو پێیەی نێزیکترین کەسانی ئەون، ڕەزامەندییان دەردەبڕی و ئیدی کەس نەیدەتوانی لە دژی بە مردوو لە قەڵەمدانی مێردم بێت. قازیش وا دیار بوو ئامادەیە لە بەرامبەر سێ چوار ئاکچە باوەڕ بە چەند گەواهیدەرێکی درۆزن بکات ئەگەر بێن و بڵێن بەڵێ ئێمە لە شەڕ لاشەی ئەو کابرایەمان دیوە. گەورەترین گرفت ئەوە بوو حەسەن قایل بکەم بەوەی دوای بێوەژن کەوتنم لەو ماڵە نارۆم، داوای میرات ناکەم و لەبری شووکردن پارە ناخوازم و لە هەموویشی گرینگتر، بیبمە ئەقڵییەوە من بە ئارەزووی خۆم شووی پێ دەکەم. هەڵبەتە لێم ڕوون بوو بۆ ئەوەی لەم ڕووەوە متمانەم پێ بکات، پێویستە سەرجێیی لەگەڵدا بکەم و بیخەمە سەر باوەڕێک لەبەر عاشقبوونم پێی خۆمی ڕادەست دەکەم، نەک بەمەبەستی جیابوونەوە ناکەم.

ئەگەر هەوڵم بدایە، دەمتوانی عاشقی حەسەن بم. ئەو هەشت ساڵ لە مێردی ونبووم گەنجتر بوو. تا مێردم لە ماڵەوە بوو، حەسەن لە جێی برام بوو، ئەم هەستەش منی لێی نێزیک کردبووەوە. کەسێکی خاکی، بەڵام داخراو بوو. ئارەزووی زۆری هەبوو بۆ یاریکردن لەگەڵ منداڵەکانم. جاروبار نیگای پڕ لە تاسەی وای دەنواند وەک ئەوەی ئەو کەسێک بێت لە تاو تینوێتی خنکابێت و منیش پەرداخێک شەربەتی تەزیوی گێلاس بم. من گشت ئەو خەسڵەتانەیم خۆش دەویست، بەڵام دەمزانی دەبێت ڕەنجێکی زۆر بکێشم تا بتوانم عاشقی کەسێک بم ئامادە بێت جلەکانی خۆیم پێ بشۆرێت و باکی نەبێت لەوەی من وەک کەنیزەک و کۆیلە لە بازاڕ بگەڕێم و شتومەک بکڕم. ئەو ڕۆژانە دەچوومە ماڵی باوکم، سەیری مەنجەڵ و قاپ و قاچاخ و فنجانەکانم دەکرد و دەگریام. بۆ ئەوەی هێز بدەینە یەکدی، خۆم و منداڵەکانم شەوانە وەک مەڕ پێکەوە دەنووستین. حەسەن هەلی بۆم نەڕەخساند. پێویستمان بە ئەڤینی دووسەرە بوو بۆ بەیەک گەیشتنمان، بەڵام لەبەر ئەوەی باوەڕی نەدەکرد من بتوانم حەزی لێ بکەم و متمانەشی بە خۆی نەبوو، بێ ئابڕوویی نواند. یەک دوو جار

هەولّی دا تەنگاوم بکات، ماچم بکات و دەستم بۆ ببات. گوتی: "مێردت هەرگیز ناگەڕێتەوە و دەتکوژم." هەڕەشەی لێم کرد و وەک منداڵ گریا. لەبەر ئەوەی بە هەڵەشەیی و شپرزەیی خۆی هەلی بۆ ئەڤینی ڕاست و ڕەسەنی وەک ئەڤینی باشکراوی ناو داستانەکان نەڕەخساند، حاڵی بووم ناتوانم شووی پێ بکەم.

ئەو شەوەی بەزۆر خۆی کوتایە ژووری نووستنی خۆم و منداڵانم، دەستبەجێ ڕاپەڕیم و بێ ئەوەی گوێ بە ترسانی منداڵەکان بدەم، تا هێزم تێدا بوو قیژاندم و گوتم جنۆکەی خراپ هاتوونەتە ماڵەوە. خەزوورم هەڵساند و بەدەم ترسی جنۆکە و قیژە و هاوارەوە پەردەم لەسەر حەسەن هەڵماڵی، هێشتا هێزی هەوەسی دانەمرکابوو. بەساڵاچووی هۆشمەند، بەدەم ناڵە و کڕووزانەوەی تەوش و بێ واتا و قسەی بێ سەروبەری سەبارەت بە جنۆکە، بە شەرمەوە ڕاستییەکی تاڵی بۆ ڕوون بووەوە: کوڕەکەی سەرخۆشە و بێ ئابڕووانە لە ژنی کوڕەکەی تری خاوەن دوو منداڵ نێزیک بووەتەوە. کاتێک گوتم تا بەیانی ناخەوم، لە دژی جنۆکە لەبەر دەگای ژووری منداڵەکانم دادەنیشم و چاوەڕێ دەکەم، فزەی لێوە نەهات. ڕۆژی دواتر گاڤێک ڕام گەیاند بۆ چاودێریکردنی باوکی نەخۆشم خۆم و منداڵان بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ ماڵە باوان دەگەڕێمەوە، ناچار بوو دۆڕانی خۆی پەسەند بکات. کۆمەڵێک شتومەک: سەعاتێکی زەنگۆڵەدار، مێردم لە شەڕی مەجەڕستان بە تالان دەستی کەوتبوو، لەبری ئەوەی بیفرۆشێت، بۆ منی هێنابووەوە؛ قامچییەکی دروستکراو لە ژێی سەرکێشترین ئەسپی عەرەبی؛ تاقمێکی شەترەنجی ددانی فیل و دەستکاری تەورێز، منداڵان بەردەکانیان بۆ گەمەی شەڕ بەکار دەهێنا و مۆمدانێکی زیوینی دەستکەوتی شەڕی نەخجەوان کە شەڕی دنیام کرد بۆ ڕێگرتن لە فرۆشتنی، گشت ئەوانەم وەک نیشانەی ژیانی ژن و مێردایەتی هەڵگرت و گەڕامەوە ماڵی باوکم.

وەک چاوەڕێم دەکرد، چۆڵکردنی ماڵی مێردی ونبووم بووە هۆی ئەوەی ئەڤینی چەوت و بێ ڕێزی حەسەن بۆ من وەربگەڕێتە سەر ئاگرێکی بێچارە،

# ١٥

## من ناوم ئەستەرە

ئەرێ ئەڤین مرۆڤ گەمژە دەکات، یاخۆ تەنیا گەمژەکان ئەڤیندار دەبن؟ چەندین ساڵە بوخچەگێڕی و دەڵاڵی دەکەم و کچی ئەم شارە بەشوو دەدەم، کەچی وەڵامی ئەم پرسیارە نازانم. زۆر ئاواتەخوازم کچ و کوڕێک، بگرە هەر کوڕێکیش بناسم کاتێک دڵیان دەچێتە یەک، زیرەک و فێڵزانتر بن و ئاقڵانەتر نەخشەڕێژی بکەن. ئەوەی من دەیزانم؛ ئەگەر پیاوێک پەنا بۆ فێڵ و تەڵەکەبازی و قۆڵبڕی ببات، ئەوا بەهیچ کلۆجێک ئەڤیندار نییە. قەرە ئەفەندیشیمان، کاتێک لای من باسی شەکووره دەکات، هەر لە ئێستاوە وای پێشان دەدات خوێنساردیی خۆی ون کردووە و گشت پێوانەیەکی لە دەست داوە.

لە شوێن بازاڕەکە پێم گوت شەکووره بەردەوام بیرت لێ دەکاتەوە، پرسیاری وەڵامی تۆم لێ دەکات و هیچ کاتێک بەو جۆرە نەدیوە. ئەمانە و چەند بالۆرەیەکی تری لەوانەی لەبەرم کردووە و بۆ هەموو کەسێکی دەڵێمەوە، بۆ ئەویشم گوتەوە. بەشێوەیەک بۆمی دەڕوانی، من بەزەییم پێیدا هاتەوە. نامەکەی دایە دەستم و گوتی "بەپەلە و یەکڕاست" بیگەیەنە شەکووره. سەرجەم گەمژەکان لەبەر ئەوەی پێیان وایە ئەڤینی ئەوان پێویستیی بە دەستوبردێکی تایبەت هەیە، بە خستنەڕووی تین و تاوی ئەڤینیان چەک دەدەنە دەست دڵدارانیانەوە. ئەگەر ئەوانیش هۆش لە سەریاندا هەبێت، وەڵام دوا دەخەن. ئەنجام: پەلەکردن لە ئەڤیندا کار دوا دەخات.

بۆیە ئەگەر قەرە ئەفەندی بیزانیبایە ئەو نامەیەی بەدەم گوتنی "بەپەلە،

چاوانی قەرە، ویستم قۆڵ لە قۆڵم بکات و لە گەڕانەوەدا هاوڕایەتیم بکات. پێم گوت سەرلەبەیانیی زووی ڕۆژی دواتر لە ماڵ بۆ کارکردن لە کتێبەکەدا چاوەڕێی دەکەم. هەر ئەوەندەی بیرم لە مەرگی خۆم کردەوە، جارێکی تریش حاڵی بووم پێویستە بەهەر نرخێک بووە کتێبەکەم تەواو بکەم.

تیشکێک کە جاروبار لە چاوانیدا دەبریسکایەوە، هیچ شتێکی ترم نەدی. لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا لەسەر پێ بەرامبەر یەکتر ڕاوەستابووین. خۆم پێ ڕانەگیرا و گوتم: "ئاگاتان لە یەکدی هەیە، ئاماژە بۆ هەڤدوو دەکەن؟"

"چۆن دەتوانن بیر لە شتێکی لەو جۆرە بکەنەوە؟"

بێدەنگییەکی درێژ و بەئازار هاتە ئاراوە. لە جێیەکی زۆر دوور سەگێک وەڕی. کەمێک لەرزم لێ هات و مچوڕکم پێدا هات. ژوورەوە زۆر تاریک داهات و ئیدی یەکدیمان نەدەبینی، تەنیا ئەوە نەبێت هەستمان دەکرد بەرامبەر یەکتر ڕاوەستاوین. دواتر، لەپڕ یەکترمان لە ئامێز گرت و بەهەموو هێزمانەوە یەکدیمان لە باوەش کرد. دەستی کرد بەگریان، گوتی تاسەی دایکی کردووە. دەستم بەسەریدا هێنا و قژیم ماچ کرد. هەمان بۆنی قژی دایکی لە پرچی ئەمیش دەهات. بردمە سەر جێگەکەی و لە تەنیشت منداڵە لەپاڵ یەکەوە ڕاکشاوەنی خەواندم. کاتێک بیرم لە دوو ڕۆژی ڕابردوو کردەوە، هیچ گومانێکم نەما شەکوورە و قەرە ئاگایان لە هەواڵی یەکتر هەیە.

ئەو بە هیچ جۆرێک هەستی پێم نەکردووە- لە دواوە، بە کۆڵانەکانی ئەستەنبوڵدا دەخوولێینەوە، هەڵدەکشێین، دادەبەزین و دەردەچین، گاڤێک بە کۆڵانە چۆڵکراوەکان بۆ شەڕە سەگ، بە شوێن سووتاوییەکانی مۆڵگەی خۆمەڵاسدانی جنۆکە، بە حەوشەی ئەو مزگەوتانەی فریشتە لە گومەزەکانیاندا پاڵ کەوتوون و نووستوون، بەتەنیشت ئەو دار سەرووانەی بە وژەوژ لەگەڵ ڕۆحەکان دەدوێن، بە قەراغ ئەو گۆڕستانە بەفر لێنیشتووانەی خێو و تارماییان تێدا ئاوێتە بووە، کەمێک بەلای ئەو ڕێگرانەی قوڕگی پیاو هەڵدەڕن، بە نێوان دیواری دووکانی لە ژماردن نەهاتوو، ئاخوڕ، تەکیە، مۆمخانە و سەڕاجدا وەک دوو برا تێ دەپەڕین، پێم وایە من دوای نەکەوتووم، بگرە لاسایی ئەو دەکەمەوە.

مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە شەکوورەی شۆخم سەردەمانێک خاتوونی ئەم ماڵە بووبێت و لەگەڵ پیاوە بێ کەڵکەکانی ناویدا ژیابێت. لە ناو ماڵەوە بۆنی خەو و مەرگ دەهات. چوومە ژوورەکەی تر، زیاتر بە تاریکاییدا شۆڕ بوومەوە.

چاو، چاوی نەدەبینی. تازە نامەکەم دەرهێنابوو، حەسەن لە تاریکیدا دەرکەوت و لە دەستمی فڕاند. وەک هەموو جارێک لێ گەڕام بیخوێنێتەوە و تاسەی خۆی بشکێنێت. دەستبەجێ سەری لەسەر کاغەز بەرز کردەوە.

گوتی: "هیچ شتێکی تر نییە؟" بەڵام خۆ دەیزانی هیچ شتێکی تر نییە. گوتی: "ئەمە نامەیەکی کورتە." دەستی کرد بە خوێندنەوەی:

"قەرە ئەفەندی، دێیتە ماڵمان و ڕۆژ تا ئێوارێ دادەنیشیت. بەڵام بیستم تەنانەت دێڕێکیش بۆ کتێبی باوکم نانووسیت. نەکەیت پێش تەواوکردنی کتێبی باوکم، ئومێدی بێ بناغە بۆ خۆت هەڵبچنیت."

نامەکەی بەدەستەوە گرتبوو، وەک ئەوەی گشت شتێک تاوانی من بێت، سەیری ناو چاومی دەکرد و لە نیگای چاو منی تاوانبار دەکرد. حەز بەم بێدەنگییەی ناو ئەم ماڵە ناکەم.

گوتی: "ئیدی قسەیەک لە گۆڕێدا نییە سەبارەت بە بەشووبوونی خۆی و گەڕانەوەی مێردی لە شەڕ. بۆچی؟"

گوتم: "من چووزانم، خۆ ئەم نامانە من نایاننووسم."

گوتی: "جاروبار لەویش دەکەمە گومانەوە." ئەمەی گوت و نامەکەی لەگەڵ پازدە ئاکچەدا بۆم گەڕاندەوە.

گوتم: "هەندێک پیاو تا زیاتر پارەیان دەست دەکەوێت، پیسکەتر دەبن، بەڵام تۆ وا نیت."

ڕەهەندێکی هێندە ئیبلیسانە و ژیر لەم کابرایەدا هەیە وا لە مرۆڤ دەکات تێ بگات بۆچی شەکوورە سەرباری حاڵی تاریک و خراپی حەسەن، هێشتا نامەکانی وەردەگرێت.

کــاری بەپـەلەوە. هێندەش بێ ئـەزمـــوون بووم، تا ڕادەی ئـەوەی نەزانم بـەر لە هاوسـەرییـەکی بەخـتـەوەر، چ پشـوودێژی و ئازار چەشـتـنێک پێـویسـتـە. لە ئامـێـزم دەرپەڕیبـوو، پەچەی کـەتانی بەردابـووەوە سـەر دەمـوچاوی و بەرەو دەرگا هەنگاوی دەنا. کاتێک لە دەرگـای کراوەوە بەفری باریوی کۆڵانی زوو تاریک داهـاتووم دی، لە بیـرم چوو ئێـمـە لێرە بـەچرپە دەدواین –ڕەنگە لەبەر ئەوەمان بووبێت ڕۆحی جووی هەڵواسراو نەوروژێنین–، هاوارم کرد:

"لەمەودوا چی دەکەین؟"

بەشێوەیەکی گونجاوی ڕێساکانی شەترەنجی ئەڤین گوتی: "نازانم." شۆخی خۆم ئـەمـەی گوت و بـە بێدەنگی ڕۆیشت. شـوێنپـێکانی لە بـاخـچـەی کـۆن لە دوای بەجێ مان و بەفریش بەخێرایی دایپۆشی.

# ٣١

## مـن ناوم سـووره

ئەو دەمـەی فـیـردەوسـیـی شـاعـیـری شـانـامـە هـاتـە غـەزنـە و پـاشـان شـاعـیـرانـی کۆشکـی شـا مـەحـمـود بەبیـانـووی ئەوەی دێهـاتـیـیـە، سـووکـایـەتـیـان پـێ کـرد و ئەویش نیـوە بەیتی کـۆتـایـی چـوارینەیـەکـی گـوت کـە سـێ بەیتی یـەکـەمـی بە سـەروایەکی دژوار کۆتایی دەهـات و کەس بۆی تەواو نەدەکرا، من لەوێ بەسـەر سـەڵتـەکـەی فـیـردەوسـیـیـەوە بووم. کـاتێک ڕۆسـتـەمی قـارەمـانـی ئەفـسـانەییی شـــانـامـــە بەدوای ئـەســـپـی ونبـــوویدا چـووە وڵاتـانـی دوور، مـن بـەســـەر تیـــردانەکــەیـەوە بووم. ئەو دەمـــەی بە شـــمـــشــێـری بـێ وێنەی خـــۆی دێوی ئەفسانەیی دوولـەت کرد، من لە خـوێنی سـەرکردووی دێوەکەدا بووم. چاخێک لە مـاڵی شـای خـانەخـوێ شـەوی بەدەم جـووتبـوونەوە لەگـەڵ کچی پادشـادا بەسـەر برد، مـن لە چرچ و لۆچی لێفـەکـەیدا بووم. لە هـەمـوو شـوێنێک بووم و هـام لە گـشـت جـێـیـەک. کـاتێک توور نامـەردانە ئیـرەجی برای سـەربڕی، ئەو دەمـەی سـوپای ئەفـسـانەیی و جـوانی وەک خـەون لە دەشت و دەران پێکدا هەڵدەپڕژان و کاتێک ئەسکەندەر لەبەر ئەوەی گڕە لێی دابوو، یەکبین خوێن لە لووتی جوانی دەهات و خوێنەکەی لەبەر تیشکی خـۆر بریسک و باقی بوو، من لەوێ بووم. بـەهرام گـویری پادشـای سـاسـانی هـەر ڕۆژێکی هـەفـتـە، شـەوی لەگـەڵ شـۆخـێکی شـاهـانەی لە هـەرێمـێکی دوورەوە هـاتوو لە ژێر قـوبـەیەکی ڕەنگ جـیـاوازدا بەسـەر دەبرد و گـوێی بـۆ بەسـەرهـاتی ڕادەگـرت. مـن بە جلوبەرگـی شـۆخـێکی نازدارەوە بووم شـا بەهرام گـویر بەبینینی نیگارەکـەی کـەوتبـووە داوی ئـەڤـینـی و ڕۆژانی سـێـشـەمـە دەچـووە سـەردانی. مـن هـەر لە تاجی خـەسـرەوەوە کـە شـیـرین بە دیتنی نیگاری شـێت و شـەیدای بووبوو، تا

کۆلانێکەوە، یان لە دەرگـای حـەوشـەیەکی تاریکەوە دەرپەڕن و پەلامـارمـان بدەن. کـەسـانی بەسـالاچوو و پیـاوانی پێگەیشـتـووی لە پێش دەرگـا و بن دیواران ڕاوەسـتاوی گـەڕەکم دی بێ ئەوەی بزانن چ دەقـەومـێت و دوور لە بێ ڕێزی نواندن، بە سـەرسـامی سـەیری کەژاوەی زەماوەندیان دەکرد. کەسـانی نامۆم دی ڕاوەسـتابوون و سـلاویان لێمان دەکرد. بێویستی خۆمـان بە شوێن بازاڕێکی بچـووکدا تێ پەڕین. لـەوێ، میوەفرۆشـێک بێ ئـەوەی زیاد لە بەهێی ڕەنگین و گێزەر و سـێوەکانی دوور بکەوێتـەوە، بەشـادی لەگەڵ ئێمـەدا چوار پێنـج شـەقـاوی نا و گـوتـی:"بێـچـاوێنی بێت"؛ بەقـاڵێکی خـەمگین خـەندەی خـسـتبـووە سـەر لێـوانی و نـانەوایەکـیش سـووتاویی سـەر کـولێـرەکـانی بە شاگردەکەی دەکراند و نیگای پڕ لە ڕەزامـەندیی لە ئێمـە بڕیوو. دەمـودەست بەم شـتـانەدا تێ گـەیشـتم شـەکـووره زۆر وەسـتـایانە پێوەندیی فسکەفسک و قسە و قسـەلۆکی خۆی خسـتووەتە کار، بە ماوەیەکی کورت وەرگرتنی تەلاق و شووکردنی خـۆی بە منی بە گەڕەکدا بلاو کردوەتەوە و بە پەسەندکردنی داوە. سـەرباری ئەوەش، من بـەرامبـەر هـەر هێرشـێکی بێ تام و چاوەڕوان نەکراو، بگرە بەرامـبـەر هـەر قـسـە تێگرتن و وشـەیەکی درێو، لەسـەر پێ بووم. بۆیە کـاتێک لە بازاڕەکـە دەرچووین، هیـچ گـازندەم نەکـرد لە دەست ئـەو ئاپۆڕەی منداڵانەی بە هاوار و قـیـژە و گـاڵتـەکـردنەوە کـەوتبـوونە شـوێنمـان و داوای بەخـشـیـشـیـان دەکـرد: لە پێکەنینی ژنـانی ناو پەنجـەرە و پشت تەلبـەند و دەریوانەکـانەوە حـاڵی دەبووم خـۆشی، هەرا، ژاوەژاو و جـەنجـاڵیی منداڵان ئێمەی پاراستووە و واتای ڕازی بوون دەگەیەنێت.

بەردەوام چاوم بڕیبـووە ئەو ڕێگەیەی کـەژاوەی زەمـاوەند دابوویە بەر و لە خوا بەزیاد بێت، لە ئاکامدا پێچی کردەوە و ڕووی لە ماڵ کرد، بەلام دڵم لەکن شـەکـووره و خـەمـەکانی بـوو. ڕاسـتیـیـەکـەی، ئەوەی بۆ من مـایـەی خـەم بوو، بێـبـەخـتـیی نـاچاری شـووکـردنی نەبوو لە ڕۆژی مـردنی بـاوکـیـدا، بگرە نەڕازاوەیی و هەژاریی لـە ڕادەبەدەری ئاهـەنگی زەمـاوەنـدمـان بوو: ئەسـپی

گەورەی خەزێنەداران گوتی پێویستە شێوەی مردنی زاوا لە وەستایانی نیگارخانە بشارینەوە و ڕابگەیەنین بە مەرگی ئاسایی مردووە. من ئەمەم وەک نیشانەی سەرەتای دەست پێکردنی هاوکاری لەگەڵ مندا بینی و پێم خۆش بوو. نیگارەکان لەکن گەورەی خەزێنەداران مانەوە. بە ژێر نیگای وردی دەرگاواناندا لە دەروازەی باب السلام، ئەو دەروازەیەی پێش کەمێک لێوەی چووبوومە ژوورێ و وەک ئەوەی پێم نابێتە بەهەشتەوە وەجۆش کەوتبووم، دەرچووم و جۆری کەسێک دوای سالانێکی درێژ بۆ ماڵی خۆی بگەڕێتەوە، ئاسوودە بووم.

و به نائارامی ئەمسەر و ئەوسەر بەنێوان ژوورەکاندا هاتم و چووم، بەشپرزەیی بیرم چووبۆ ئەوەی لە کتێبەکانی گەنجینەوە زانیاریمان دەستگیر نابێت و کات بەش ناکات. لەبەر ئەوەی هەستم کردبوو مامۆستا عوسمان وەک پێویست سەرنجی خۆی نەداوەتە ئەم کارە، نیگەرانییەکانی خۆم بۆی گێڕایەوە.

وەک مامۆستایەکی ڕاستەقینەی ڕاهاتوو لەسەر دەستهێنان بە سەری شاگردەکانیدا، بەشێوەیەکی جوان دەستمی گرت. گوتی: "کەسانی وەک ئێمە، جگە لە هەوڵدان بۆ بینینی دنیا بەو شێوەیەی خوا دەیبینێت و پەنابردن بۆ خوا نەبێت، هیچ چارەیەکی ترمان نییە. تەنانەت لە هەناویشمدا هەست دەکەم ئەم دوو شتە لێرە، لە ناو ئەم نیگار و شتومەکانەدا لە یەکتر نێزیک دەبنەوە. چەندەی مرۆڤ لەوە نێزیک بێتەوە دنیا بەشێوەی بینینی خوا ببینێت، ئەوەندەش دادپەروەریی ئەومان لێ نێزیک دەکەوێتەوە. بڕوانە ئەو دەرزییەی کە مامۆستا بەهزاد خۆی پێ کوێر کرد..."

ئەو بەسەرهاتی دڵڕەقانەی دەرزییەکی دەگێڕایەوە، منیش بۆ ئەوەی باشتر بیبینم، زەڕەبینم لێ نێزیک خستەوە، بەوردی سەیری نووکی ئەم شتە ناجۆرەم کرد و تەڕییەکی پەمەییم پێوەی بینی.

مامۆستا عوسمان گوتی: "گۆڕینی هونەر و ڕەنگ و شێواز لەکن مامۆستایانی کۆن پرسی ویژدان بوو، چونکە ئەوان سەرتاپای ژیانی خۆیان لەو پێناوەدا دەبەخشی. ئەوان بە بێ ڕەوشتیان دەزانی ئەگەر وەک ئەوانەی ئەمڕۆ دنیا بەشێوەیەک ببینن جۆری ئەوەی کە ڕۆژێک پادشای ڕۆژهەڵات و ڕۆژێکی تر فەرمانڕەوای ڕۆژئاوا دەڵێت: ببینە."

چاوەکانی، نە سەیری چاوانی منیان دەکرد و نە پەڕەی بەردەستی. وەک بڵێیت تەماشای سپێتیی شوێنێکی دووری دوای دواوە، شوێنێکی مرۆڤ هەرگیز پێ نەگەیشتووی دەکرد. لە پەڕەی شانامەی بەردەستیدا هەردوو لەشکری ئێران و تووران بەتەواوی هێزی خۆیانەوە ڕژابوون بەناو یەکدا، ئەسپ شانیان نابووە بەیەکەوە، ڕمی شەڕڤانانی سوارە زرێیان کون دەکرد و

گوتی: زۆر کەم. تۆ باسی ئەسپەکەم بۆ بکە."

بە خەمگینی گوتم: "بە من بێت ئەمە بووکێکی خەمگینە، سواری ئەسپێکی بۆزی لووت بڕدراو بووە، لەگەڵ پارێزەرانی نامۆ بەخۆی و هاوڕێیانی ڕێدا بۆ شووکردن دەڕوات. پیاوەکان بە ڕووخساریان، هێمای وشکی دەموچاویان، ڕیشی ڕەش و ترسناکیان، پێکادانی چارەیان، سمێڵی بابڕ و ڕیشی تێکئاڵقاویان، ئێسکی ئەستووریان، جبەی سادە و تەنکیان، پێڵاوی زراڤیان، سەرپۆشی لە پێستی ورچیان، تەور و شمشێری دەستیاندا وا دێنە بەرچاو لە تورکمانەکانی ئاکقۆیونلوی ماوراء النهرین بن. ئەم بووکە بەپێی ئەوەی لەگەڵ یاوەرانیدا بەشەو لەبەر تیشکی قوتیلکە و مەشخەڵ ڕێ دەکات، ڕێگەیەکی درێژی لەبەرە و لەوانەیشە کچە شازادەیەکی خەمگینی چینی بێت."

مامۆستا عوسمان گوتی: "یان نیگارکێش بۆ سەلماندنی بێ کەموکورتیی جوانی بووک وەک نەریتی چینی بۆیاخی سپیی لە ڕووخساری داوە، چاوانیشی وەک چاوی چینی نەخشاندووە و ئێستا ئێمە پێمان وایە چینییە."

گوتم: "هەر کێیەکە با ببێت، من بەزەییم بەم بووکە خەمگینەدا دێتەوە کە بەم نیوەشەوە لە ناوەڕاستی ئەم بیابانەدا بە یاوەریی پاسەوانانی نامۆ بە بووکی بۆ لاتێکی نامۆ و بۆ زاوایەکی هەرگیز نەدیتووی دەبرێت." دواتر یەکسەر پرسیم: "چۆن بە کونی لووتی بڕدراوی ئەسپ ژێریدا حاڵی دەبین نیگارکێشی لەمەڕ ئێمە کێیە؟"

مامۆستا عوسمان گوتی: "پەڕەکانی دەفتەری نیگار هەڵبدەرەوە و وەسپی ئەو نیگارانەم بۆ بکە کە دەیانبینیت."

پێش کەمێک، کاتێک من پرم دایە دەستنووسەکە و بە غاردان هێنام، بستەبالام دی لە سەر دەستشۆرەکەی دانیشتبوو، بەلام ئێستا هاتبووە کن ئێمە، من پەڕەکانم هەڵدەدایەوە و هەرسێکمان سەیرمان دەکردن.

کچانی شۆخی چینیمان بینی لەسەر شێوازی بووکی خەمگینمان نیگاریان کێشرابوو، لە باخچەیەک کۆ بووبوونەوە و عوودێکی سەیریان دەژەند.

کاتێک لە ژێر پاڵەپەستۆی مامۆستاماندا بۆ شاگردی ڕەوانەی شوێنێکی دوور دەکراین و لە دۆستان و وەستایانی نیگارخانە دادەبڕاین. تاوێک بەژن و باڵای شازدە ساڵەی پەپوولەی شیرینم هاتەوە بەرچاو: کاتێک لە ڕۆژێکی گەرمی هاویندا تیشکی خۆر لە پەنجەرەی کراوەوە دەهاتە ژوورێ و بەر شانی ڕووتی ڕەنگ هەنگوینیی دەکەوت، چەقۆی لە گوێچەکەماسی دروستکراوی دەستی بەخێرایی دەجووڵاند و کاغەزی سفت دەکرد. بەدەم خەیاڵکردنەوەوە ئەم کارەی دەکرد، ناوبەناو ڕادەوەستا، چاوی لە کێماسییەکی بچووکی سەر کاغەزەکە نێزیک دەخستەوە و بەسەرنجەوە لێی ورد دەبووەوە، بە دوو سێ جووڵەی جیاواز چەقۆی بەسەر ئەو خاڵەدا دەهێنا و دواتر سەرلەنوێ ڕەوتی پێشووتری وەردەگرتەوە. لە کاتێکدا دەستی بەخێرایی ژێر و ژووری دەکرد، خۆی دەکەوتە گۆمی قوڵی خەیاڵەوە و لە پەنجەرەوە بۆ دووری دەڕوانی. ناتوانم هەرگیز لە بیری بکەم، دواتر ئەو، وەک ئەوەی منیش لەگەڵ کەسانی تردا دەمکرد، تاوێکی کورت لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەی نەدەکرد و چاوی دەبڕییە ناو چاوی من. ئەم نیگایە هەموو کاتێک یەک واتای هەبوو کە سەرجەم شاگردەکان پێیان دەزانی: ئەگەر خەیاڵ نەکەیتەوە، کات هیچ تێ ناپەڕێت.

